# یاسای خانەنیشینی کەم ئەندمبوانی پێشمەرگە

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٢**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٠٠/١٠/٢٩**

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٢)ی رۆژی (٢٠٠٠/١٠/٢٩)یدا ئەنجامی داوە، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای
## ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٠
## یاسای
## خانەنیشینی کەم ئەندامبوانی پێشمەرگە

**ماددەی یەکەم:**

ئەو پێشمەرگەیەی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، تووشی کەمئەندامبوونی لەش بوون، خانەنیشین دەکرێن:

١ـ ئەگەر پلەی زەبوونیی، بەپێی راپۆرتی پزیشکی کە لە لایەنێکی پسپۆڕەوە دەرچووبێ، (٥٠٪) یان زیاتر بێ.

٢ـ ئەگەر ئەندامێکی دیوی دەرەوەی لەشی لە دەست دابێ، سا پلەی

زەبوونیی هەرچەندە، دەبێ، ببێ.

**ماددەی دووەم:**

هەر پیشمەرگەیێ پلەی زەبوونیی گەیشتبێتە ( ١٠٠ ٪ ) یان ئەندامێکی لەشی «وەک ئەوەی لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمدا هاتووە» لە دەست دابێ، مووچەیەکی خانەنیشینی بۆ دەبڕدرێتەوە، بە قەدەر سەرجەمی ئەو مووچەو دەرماڵەیە بێت کە مانگانە لە کاتی خزمەتا وەریدەگرت.

**ماددەی سێیەم:**

هەر پێشمەرگەیێ پلەی زەبوونیی لە ( ٥٠ ٪ ) کەمتر نەبێ و نەگیشتبێتە ( ١٠٠ ٪ )، ئەوە مووچەیەکی خانەنیشینی بۆ دەبڕدرێتەوە بە قەدەر ئەو مووچەیە بێت کە لە کاتی خزمەتا وەریدەگرت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەو پێشمەرگەیەش کە تووشی کەمئەندامی بووەو پلەی زەبوونییەکەی لە ( ٥٠ ٪ ) کەمترە، لەسەر حەزو ئارەزووی خۆی هەواڵەی یەکە جێنەگۆڕە (الوحدات الثابتة)کانی ریزەکانی پێشمەرگە دەکرێ کە لەوێ کاربکات.

**ماددەی پێنجەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە جەریدەی رەسمیدا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**